دکتورسالح ئیبراهیمی



## سوورەی تەحریم ١٢ ئایەتە

**سوورەی تەحریم لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٢ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی پێغەمبەرا! بۆچ شتێ کە خوا بۆ تۆی ڕەوا و حەڵاڵ کردووە لە بەر پێ‌خۆش‌بوونی ژنەکانت لە خۆتی ناڕەوا دەکەی، خوا لێبووری فرە دڵاوێنە ﴿١﴾ بێ‌گومان خوا بڕیاریدا بە هەڵوەشانەوەی سوێندەکانتان بە دانی کەفارە، خوا یاوەری ئێوەیە و هەر ئەویشە پڕ زانای لەکارزان ﴿٢﴾ ئەوەدەمەی کە پێغەمبەر لەگەڵ یەکێ لە ژنەکانی قسەیەکی بە سرتە درکاند، جا کاتێ ئەوێ ژنە ئەو نهێنییەی بە (هەوێکەی) وت، خوا پێغەمبەری لەوە ئاگادار کرد و (پێغەمبەر) هەندێ لەو نهێنییەی ئاشکرا کرد و لە گێڕانەوەی هەندێکی خۆی ڕاگرت، جا کاتێ ژنەکەی لەوە تێگەیاند، (ئەو ژنە) وتی: کێ تۆی لەم نهێنییە ئاگادار کردووە؟ فەرمووی: خوای زانای ئاگا، هەواڵی پێدام ﴿٣﴾ باش وایە هەردووکتان لە کاری خۆتان پەشیمان ببنەوە و (بۆ لای خوا بگەڕێنەوە)، چونکە دڵتان لە هەق لای داوە، ئەگەر بۆ ئازاری ئەو پشت یەکتر بگرن (هیچتان پێ‌ناکرێ)، چونکە خوا پشتیوانیەتی، جوبرەئیل و بڕوادارانی چاک و فریشتەکان لەمەولا پشتیوانی ئەون ﴿٤﴾ هیوایە ئەگەر ئێوە تەلاق بدا، پەروەرێنەری ئەو لەباتی ئێوە ژنانی باشتر بەو (پێغەمبەر) بدا، ژنانی موسڵمان، بڕوادار، فەرمانبەر، لە خراپە پەشیمان (تۆبەکار)، عیبادەتکار خواپەرست و ڕۆژووەوان (و خۆپارێز بە تەواوی وجوودەوە)، جا بێوەژن بن یا کچ ﴿٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خۆتان و خاووخێزانتان بپارێزن لە ئاگرێ کە دەستەچیلەکەی مرۆ و تەوەن و بەردە، فریشتەگەلێ ئەسپێردراوە زۆر تووڕە و بەهێزن، هەرچی خوا پێیان بسپێرێ نافەرمانی ناکەن و هەر ئەوەی دەکەن کە ڕاسپێردەیانە ﴿٦﴾ ئەی کەسانێ کە کافر بوون! ئەمڕۆ تەوازی و عوزر مەهێننەوە، چون بەڕاستی تەنیا بەوەی کردووتانە سزا ئەدرێن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، بگەڕێنەوە لای خوا و نەسووحئاسا و بەڕاستی پەشیمان بن و تۆبە بکەن، بەڵکوو پەروەرێنەرتان گوناحانتان بشواتەوە و بتانباتە بەهەشتگەلێ کە چۆمەئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیدا دێ و ئەڕوا، لەو ڕۆژەدا خوا پێغەمبەر و ئەوانەی کە بەو بڕوایان هێناوە، سووک و هەناسەساردیان ناکا و تیشکی ئەوان (نووری بڕوایان) لە پێشیان و لە ئالی ڕاستیانەوە تەفگەڕ یەتی و دەڕوا و دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تیشکی ئێمە تەواو بکە و لێمان خۆشبە! تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٨﴾ ئەی پێغەمبەر لەگەڵ کافران و دووڕوواندا بجەنگە و سەختیان لێ بگرە، جێیان دۆژەهە، چەند جێگایەکی خراپە ﴿٩﴾ خوا بۆ خوانەناسان بە ژنی نووح و ژنی لووت نموونەی هێناوەتەوە کە هەردووکیان مارەبڕی دوو کەس لە بەندە چاکەکانی ئێمە (خوا) بوون، جا خەیانەتیان بەو دووانە کرد، جا ئەو دوو پێغەمبەرەش نەیانتوانی بە ژنانی خۆیان لە پێشگای خوا سوودێ بگەیێنن، پێیان وترا: بڕۆنە ناو ئاگر لەگەڵ ڕۆیشتووەکان ﴿١٠﴾ خوا بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە نموونە و نەزیلە و میسالی بە ژنی فیرعەون هێناوەتەوە، ئەودەمەی کە وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لە بەهەشتا خانوویەکم لای خۆت بۆ چا بکە و لە فیرعەون و کردەوەی ئەو ڕزگارم بکە، لە هۆزی ستەمکار ڕزگارم بکە ﴿١١﴾ بە مریەم کچی عیمران (میسالی هێناوەتەوە) کە شەرمی خۆی لە کاری شوورەیی و زینا پاراست، جا ئێمە لە فووی خۆمانەوە تێماندەماند، ئەو قسەکانی پەروەرێنەری و کتێبەکانی ئەوی سەلماند و تەسدیق کرد و بڕوای پێهێنان و لە ڕیزی فەرمانبەران بوو ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi